# بۆ مەرگی جاک دریدا

ئامادەکردن و وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە- سەردار عەزیز.

لە ژێر چێشتخانە یابانیەکەوە، کە سوشی خۆشیان هەیە، هۆڵێکی سینەمای بچکۆلە هەیە؛ پێی دەڵێن تریسکڵ. تریسکڵ، کورسیەکانی رەق و کۆنن، ئەو فلیمانە پێشان ئەدات کە زۆرکەم خەڵک ئەیانەوێ بیبینن.
دوو ساڵ لەمەوپێش، ئەو کاتە درێدا تەمەنی تەنها حەفتاو دوو ساڵ بوو، لە کچێکی بچکۆلەی خەڵکی کۆپنهاگنەوە ئیمەیڵێکم بۆ هات، "فلیمێک دێت دەربارەی ژیانی درێدا، چاوی بۆ بگێرە، شایستەی بینینە". کچەکە ناوی ئانیا-یە؛ لە پاڵەوانی رۆمانەکەی پیتەر هۆگ ئەچێ کە ناوی؛ سمیلا خان هەست بە بەفر ئەکات. پیتەر هۆگ، خۆی خەڵکی کۆپینهاگنەو رۆمانەکەش دەربارەی ژنێ گرینلاندیە لەو شارەدا. کۆپینهاگن لە مانگی دیسەمبەرا کە تاریکی تیایا وەک ئاسمان بێکۆتاییەو هەموو شتێ تیا ئەبەستێ.
فلیمە بایوگرفیەکەی درێدا لە تریسکڵ پێشاندرا. پۆستەرەکەی وێنەیەک بوو سەرنج راکێش، پیاوێ قژ ئێجگار سپی، پایپێکی بە لادەمەوەیەو پۆز بۆ کامیراکە لێئەدا. هەرچەندە درێدا بێزارە لە وێنەی خۆی، بەڵام من بەلامەوە جوان بوو، ئایا جوان بوو چونکە درێدا بوو؟ ئەو ئەڵێ بۆ ساڵانێکی زۆر بەرگریم لەوە کرد کە وێنەم بڵاو نەبێتەوە، چونکە یەکەم؛ کێشەیەکی ئایدەلۆژیم هەبوو لە گەڵ وێنەداو دووەم؛ خۆم و لاشەم ئەوەندە لە پەیوەندیەکی باشدا نین.
فلیمەکە بە گرتەیەکی پانۆرامایانەی شاری پاریس دەستپێئەکات. ئەو شارەی، زوو زوو پۆست کارتی جوانم لێوە بۆ دێ، (پۆست کارت؛ لە سۆکراتەوە بۆ فرۆید، ناونیشانی کتێبێکی درێدایە کە ساڵی هەشتا نوسیویەتی)، چونکە هێندەی پەنجەکانی دەستم کچی جوانی تیائەناسم. درێدا جولەکەیە، وەک کامۆ، لە جەزائیری سەر بە فەرەنسای حەفتاو چوار ساڵ لە مەوپێش هاتە دونیاوە. رۆژانێک لە بەر جولەکە بوونی لە قوتابخانە دەرکرا. بەڵام ئەو پیاوێ ئایندار نیە، بۆیە فاروق رەفیق خۆشی ناوێ. درێدا ئەڵێ؛ لە سیناگوگ (شوێنی نوێژی جولەکان) تەنها حەزم لە گۆرانیەکان بوو، بەڵام هەردەم ئاینم بە ماهیەتێ داناوە کە بیرکردنەوە تیا وونە، دووبارەکردنەوەیەکی کوێرانەیە. کە گەورەبوو نیتچەی خوێندەوە، پاشان رۆسۆ، ئەو هەرچەندە باش لێیان تێنەئەگەی بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە دژ بەیەکن، بۆیە بەلایەوە گران بوو هەردوکیان لە خۆیا جێبکاتەوە.
پێش فلیمەکە بیرم لەوە ئەکردەوە، دەبێ ژیانی فەیلەسوف چی بێت بۆ ئەوەی شایانی ئەوە بێت بکرێتە فلیم، درێدا رەبەن نیە وەک کانت و دیکارت، ژیانیشی بێ روداو نیە، ئەو پیاوێکی تا بلێی چالاک بوو. چالاک بوو لە بەرگری کردن لە بیانیان، لە دژایەتی کردنی ئاپارتاید، لە فلیمەکەدا سەفەرێک هەیە بۆ ئەفریقای باشور بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو شوێنەی کە ماندیلای تیا بەندبوو، هەروەها قسەکردن لە زانکۆی جوهانسبرگ دەربارەی لێبوردن.
کە لە درێدا ئەپرسن چۆن نوسینەکانی فەیلەسوفێ لە ژیانی جیا ئەکرێتەوە، ئەو لە وەڵامدا ئەڵێ، نازانم ئایا ئەتوانرێ جیابکرێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە لە سۆکراتەوە بۆ هایدگەر کەس بە زمانی 'من' قسەی نەکردوە، ئەوان

هـەردەم هـەوڵـی ئـەوەیانـداوە کـە ژیـانی تاکـە کـەسـیان بـە پـەراوێزبکـەن و  وای دابنێن کە ڕێکەوتە. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە بیرکردنەوەیان بووە.
دریـدا لـە چل کتێب زیـاتری نوسـیوە، لـە کتێبخانـەکـەیا لـە ماڵـەکـەیـان لـە پـاریس لێـی ئـەپرسـن ئایا ئـەم هـەمـوو کتێبـەی کـە هـەتـە خوێنـدودەتـەوە، ئـەویش لـەوەڵامـا ئـەڵێ، نـەخێر... تـەنهـا چواریـانم خوێنـدوەتـەوە بـەڵام زۆر بـەوردی. بـا منیش دانـی پیـا بنێم، تـۆ مـردی بـەڵام ئـەوە زەمانێکـە مـن پێـنج کتێبـی تـۆم هـەیـە هیچکامیـانم نـەخوێنـدوەتـەوە بـە تـەواوی. دوایـن کتێـب نـاوی سیاسـەتـی هاوڕێتیـە، بـەدێـری دەسـت پێئـەکـات سـەرم لێـی دەرنـاچێ، 'ئـەی هاوڕێکـەم، هـاوڕێتی نیـە'. لـە زانکـۆ گـەلێک کتێبی تۆ هـەن، هـەموو جارێ لـە بەشی فـەلسـەفـەدا ئـەم دیودیویان ئـەکـەم و بـە خـۆم دەڵـێم ڕۆژێـک دێـت بیانخوێنمـەوە. بـەڵام بریـار بێـت ئـەو کتێبـەی لـەگـەڵ ڤاتیمۆدا نوسیوتانە دەربارەی ئاین بیخوێنمەوە.
پـاش تـۆ مـن نـامۆم بـە قسـەکـانی خـۆم، دڵنیا نـیم ئایا وشـەکـان مـن دەڵـێن یـان مـن وشـەکـان دەڵـێم. لـە دوای تـۆ مـن نـازانم دەق لـە چیـەوە دەسـت دەسـت پێئـەکـات و لـە چیـەوە کۆتـایی دێـت. چـی دەقـەو چـی دەق نیـە، تـۆ جارێکیـان لـە چێشـتخانـەیـەک لـە نیویـورک هـاوارت ئـەکـرد، ئـەم مێـزی دانیشـتنەش دەقـە.  تـۆ هـەمـوو جـارێ بـەدەست ئـەوەوە دەتنـاڵان کـە ئـەوانی تر خراپ لێت تێگـەشـتوون، تـۆ نهیلیسـت نیت، ئـەی خـراپ لێتێگـەشـتن نیـە نـەمـری مسـۆگـەر ئـەکـات، وەک ئۆسـکار وایڵـد جارێکیـان ووتـی. نـەمـری؛ تـۆ پێـت ووتـین، ئـەگـەر کـەسـێ بڵـێ مـن، ئـەوا لـە هـەمانکاتـا پێمـان ئـەڵـێ؛ مـن زینـدوم، مـن نـەمـردوم. بـەڵام تـۆ و ئـەو شـێتەکـانی تـری پـاریس،(فۆکـۆو دۆلـۆزو تـادوای)، پێتـان ووتـین، ئـەو سیسـتەمـەی کـە هـەیـە لـە توانایـا نیـە ئاشـتی و خۆشگوزەرانی بێنێت.
ئـەوەی مایـەی بێـزاری فـەیلـەسـوفانی ئینگلیـز زمانـە ئـەوەیـە کـە دوکـانی کتێـب فرۆشـەکانـا کتێبـەکـانی تـۆو شـێتەکـانی تـری پـاریس بـەشـێکی زۆری داگیرکـردوە، بۆیـە زۆر هـەن وا ئـەزانـن تـەنهـا ئێـوەن پاریسـیەکـان دەتـوانن فـەلسـەفیانـە بیربکـەنـەوە، لـە کاتێکـا فـەلسـەفـەی ئـەنـالاتیکی زۆر فـەلسـەفیـان نوسـراوەو خوێندنـەوەشـی خۆشـترە. مردیـت، بـەلای منـەوە ئـەوە بـەسـە لـە سـەر گـۆرەکـەت بنوسن دیکۆنسترکشن.

ئـەمـەی خـوارەوە چاوپێکـەوتنێکـە کـە گۆڤـارێکی ئـەمریکـی لۆسـئەنجلیس ویکلـی دوو سـاڵ لـەمـەو پـێش لـەگـەڵ جـاک دریـدا-دا ئـەنجـامی داوە، لـە پـاش دەرچـونی فلیمـە بایوگرافیەکەی.

هەفتانەی لۆس ئەنجەلیس: بۆچی ئامادەبووی وێنە بگیرێی بۆ فلیمی دریدا؟
دریـدا: دەسـت و بـرد ڕازی نـەبـووم. بـۆ سـاتێکی زۆر بیـرم لێکـردەوە، ئـەمـەش بـەهـۆی ئـەو نـارەحـەتیـەی هـەردەم هـەسـتم پێکـردوە بـەرامبـەر بـە شـێوە(ئـیمج)ی خـۆم لـە فۆتۆگرافدا. بـۆ مـاوەی 20سـاڵ بـەرهـەمـم بڵاوکـردەوە بـەبێ ئـەوەی ڕێبدەم تـەنها وێنـەیـەکـی خـۆم چیـە لـەگـەڵ کتێبـەکانمـا بڵاوبێتـەوە، بـۆ ئـەمـەش دوو هـۆ هـەبـوو. یـەکـەمیان، ئـەو نـارەزاییـەبـوو کـە ئـەتوانی نـاوی بنێیی، نـارەزایی ئایدەلـۆژی بـەرامبـەر وێنـە بـڵاوەکـەی نوسـەر – وێنـەی کـەللـەسـەر...یـان وێنـەی نوسـەر لـەسـەر مێزی نوسـینەکـەی،، چونکـە بـەلای منـەوە کارێکـە تـەنیا بـۆ فرۆشـتن و میدیا ئـەکـرێ. دووەم هۆکـار ئـەوەیـە کـە مـن هـەردەم پـەیـوەندیـەکـی گـرانم هـەبـووە لـە گـەڵ لاشـەم و شـێوەکـەیـا. بـۆمن گرانـە لـە وێنـەی خـۆم بنـوارم لـە فۆتۆگرافـدا، بۆیـە بـۆ مـاوەی

بیست ساڵ ڕێم بەخۆم دا کە وێنەم نەگیرێت لەبەر هۆکاری رامیاری. لەم دەیەی دوایەدا کارێکی وا چوە خانەی مەحاڵەوە، چونکە من بەردەوام لە شوێنە گشتیەکانا ئامادەئەبووم، لەو کۆنفرانسانەی کە رۆژنامەنوسان تیا ئامادە دەبوون، کە زۆریان وێنەیان ئەگرتم. تاوای لێهات ئیتر لە دەست دەرچوو، منیش خۆم بریارم دا واز لەم بەرگریکردنەبێنم. پێویستە ئەوە بڵێم کە فلیمەکە زۆر سەرکەوتوانە ژیانی تایبەتی رۆژانەی خێزانم لەگەڵ شتە کەمتر تایبەتەکانا تێکەڵ ئەکات، کە بەلامەوە مایەی سەرسورمانە. بۆ نموونە ئەو سەفەرەی لەکاتی فلیمەکا بۆ ئەفریقای باشور ئەنجامم دا. فلیمەکە رێرەوێکی هەمیشەی تیایە کە بەردەوام بایوگرافیای نوسەر ئەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئایا فەیلەسوف پێویستە بایوگرافیای هەبێ؟

چۆن فەیلەسوف بایوگرافیای نیە؟

بەدڵنیایەوە بایوگرافیای هەیە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا پێویستە بڵاویبکەینەوە. ئایا پێویستە ئەو خۆی(فەیلەسوف) ژیانی خۆی بگێڕێتەوە؟ ئایا دەبێ رێبدات کە ژیانی تایبەتی بەگشتی بکرێ و لێکبدرێتەوە؟ چۆن نوسینی فەیلەسوفێ لە ژیانە جیائەکەیتەوە؟

نازانم ئایا کارێکی وا شیاوە، بەڵام زۆربەی فەیلەسوفە کلاسیکەکان هەوڵیان دا جیای بکەنەوە، وە هەندێکیان تیا سەرکەوتوبوون. ئەگەر تۆ دەقە ترادیوسیونەکان(کلاسیک) بخوێنیتەوە، ئەوا ئەوە هەست پێئەکەی کە هەرگیز زارەوەی "من"یان بەکارنەهێناوە، هەرگیزیش بەناوی خۆیانەوە قسەیان نەکردوە. لە ئەرستۆوە تا هایدگەر، هەوڵیان داوە کە ژیانی خۆیان بە پەراوێزکەن و وەک روداوێکی ئەکسیدێنتاڵ رێکەوت تەماشابکەن. ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بوو وانەکانیان و بیرکردنەوەیان بوو. بایوگرافی شتێکە ئێمپیریکاڵ(کە ئەبینرێ و هەستی پێئەکرێ-وەرگێر) لە دەرەوەیە، وە هەروەها وەک روداوێک سەیرئەکرێ کە پەیوەندیەکی پتەوی بە چالاکی فەلسەفیەکانەوە نیە.

لە فلیمەکەدا لێت ئەپرسن: ئەگەر بتوانی گوێ لە فەیلەسوفێ بگری کە تۆ لە ژێر کاریگەریا بیت، حەزئەکەێ باسی چیت بۆ بکات؟ تۆ وەڵامت دایەوە، "ژیانی سێکسیان، چونکە ئەوە بابەتێکە ئەوان باسی ناکەن". بەڵام کاتێ لە خۆتیان پرسی دەربارەی ژیانی سێکسیت، تۆ وەڵامت نەدایەوە. بۆچی ئەم سنورداریتیە ؟

من وەڵامم نەدایەوە نەک لەبەرئەوەی بروام وایە کە ئەم بابەتە پێویستە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵکو من نامەوێ هەرە تایبەت ترین بەشی ژیانم لەبەردەم کامیرادا والاکەم بە زمانێکی بیانی. ئەگەر هاتوو کاری وام لێکدایەوە، ئەوا پێم باشە ئامرازەکانم دەمەزەردکەم ... نوسینەکانم. ئەگەر بەرهەمەکانم بخوێنیتەوە دەبینێ لە هەندێ دەقدا ئەم مەسەلانەم لێکداوەتەوە لە ڕێگای تایبەتی خۆمەوە. گلاس(کە لە ساڵی 1974) لە چاپدراوە، پۆستکارد: لە سۆکراتەوە بۆ فرۆیدو پاشان[1980] بازنە[1991] ئۆتۆبایوگرافین، تیایانا ژیانم و خواستەکانم باسکراون.

ئەتوانی ئەوساتەوەختە وەیادی خۆت بهێنیتەوە کە تیایا بۆ یەکەم جار هەستت پێکرد کە خوا، وەک ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ناسراوە، چەمکێکە کە تۆ نەتئەتوانی پیی رازی بیت؟

بۆ ئەوەی باس لەم مەسەلەیە بکەین پێویستە زیاتر لە پێناسەی خوا بکۆڵیتەوە.. وەک وشەیەک کە لای هەموانەوە ناسراوە. بەڵێ لە یادمە. کە مناڵ بووم لە

جەزائیر بە شێوەیەکی بەردەوام ئەبرام بۆ سیناگوگ، هەندێک لایەنی ئاینی جولەکە هەبوو کە خۆشم ئەویست، بۆ منوونە مۆسیقا. سەربارى ئەمە من هەر لەسەرەتای لاویمەوە رەخنەم بەرامبەر ئاین لا پەیدابوو، نەک وەک بێبڕوایەک (ئەیثیەست)، بەڵکو هەستێک بوو بەرامبەر ئەو شێوازەی کە ئاین پەیرەو ئەکرا لە خێزانەکەما، کە وای لێئێئەگەیشتم پڕ بێ لە بەخراپ تێگەیشتن. وا بۆ من دەرئەکەوت کە دوور بێت لە هەموو بیرکردنەوەیەکەوە و دووبارەکردنەوەیەکی کوێرانەبێت، شتێک هەبوو کە بە تایبەت بەلای منەوە قبوڵ نەئەکرا ئەویش ئەو شێوازەی کە ڕێزلێنان دابەش ئەکرا. پاراستن و خوێندنەوەی تەورات لە سیناگوگ ئەخرایە مەزادەوە، ئەمە بەلای منەوە مایەی بێزاری بوو. کە تەمەنم گەشتە سیانزە ساڵان بۆ یەکەم جار نیتچەم خوێندەوە، بەتەواوی لێتێنەگەیشتم بەڵام کاریگەری( ئیمپرێشن) ێکی گەورەی لا بە جێهێشتم. یادەوەریەکانی ئەو ڕۆژانەم پڕیەتی لە ووتەی خوازراو لە هەردوو نیتچەو ڕۆسۆوە، کە خواوەندێکی تری ئەو ڕۆژگارەم بوو. نیتچە بە پێچەوانەی ڕۆسۆوەیە، بەڵام من هەردوکیانم خۆشئەویست و هەردەم لەوە رائەمام چۆن هەردوکیان لەناو خۆمدا جێبکەمەوە.

لە چاوپێکەوتنێکا کە پاش شەری جیهانی دووەم ئەنجامی دا و بڵاونەکرایەوە تا پاش مردنی 1976، مارتن هایگەر دەڵێ"فەلسەفە دوای نیتچە ناتوانێ نە یارمەتی نە هیوا بە داهاتووی مرۆڤ ببەخشی . تەنیا کارێک لە دەستمان دێت ئەوەیە چاوەروان بکەین تا خوایەک دەرئەکەوێ. تەنها خوا ئەتوانێ ئێستا رزگارمانکات".
ئایا لە گەڵ ئەمەدا یەکئەگریتەوە؟

من زاراوەی "خوا" بەکارناهێنم، ئەوەی بەلای منەوە مایەی تێرامانە ئەوەی کە هایدگەر کەسێکی دژ بە ئاین بوو. ئەو وەک کاتۆلیکێک پەروەردەکرا بەڵام زۆر بەتوندی مەسیحیەتی رەتکردەوە، لەبەر ئەوە ئەو خوایەی کە ئەو مەبەستیەتی ئەو خوایە نیە کە لە تێگەیشتنی ئێمەدا هەیە. ئەو پەنجە بۆ خوایەک رائەکێشێ کە نەک هەر تائێستا نەهاتوە، بەڵکو رەنگە هەر نەبێ. ئەو ناوی خوا ئەبەخشێتە کەسێ کە ئەو بە ئاواتەوە بوێ، وە هەروەها وا دائەنێ ئەو کەسەی کە دێت و ئێمە رزگار ئەکات ناوی خوایە. من لە گەڵ ئەوەدا نیم کە ئەم ووتەزایە هانمان ئەدا بۆ چاوەروانکردنی رزگارکەر، بەڵام ئەگەر ئەم ووتەزایە یانی ئێمە چاوەنواری چاوەروان نەکراوێکین، وە ئێمە پێویستە بەخێرهاتنی لێبکەین ئەوا لاریم لێی نیە. ئەمە شێوازێکە لەوەی کە من ئەتوانم ناوی بنێم چاوەراونکردنی رزگارکەر بەبێ بوونی رزگارکەر. ئێمە ناتوانین وا نەبین، چونکە ئێمە لە دۆخێکاین هەردەم چاوەروانین شتێک رووبدات. هەتا ئەگەر لە ئەوپەری بێ هیوایدابین، هەستی چاوەروانکردن (چاوەروانکردن بۆ ئەوەی شتێ رووبدات-وەرگێر)، بەشێکە زۆرە لە پەیوەندی ئێمە بە کاتەوە. بێهیوایی کاتێ دەستەبەر ئەبێ کە ئێمە هیوامان هەبێ کە شتێکی باش یان خۆشەویستێ رەنگە لە پڕ پەیدابێت. ئەگەر ئەمە مەبەستی هایدگەر بێت ئەوا من لاریم لێی نیە.

ئایا مەترسی هەبوو لە سەر ژیانت کاتێ کە منال بووی لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم؟
نەخێر. ڕۆژانی شەر بۆ من ڕۆژانێکی گران بوو، بەڵام ناتوانرێ لە گەڵ ئەو کارەساتانەدا بەراورد بکرێ کە بەسە جولەکەکانی ئەورووپادا هات. دژە

سامیتێکی زۆر هەبوو لە جەزائیر، بەڵام ئەڵمانی لە وولاتەکەدا نەبوو، وولگەی سزا (کامپ) لەوێ نەبوو، لەبەر ئەمەش سنورداش کردنی جولەکە نەبوو.
بەڵام سەرەرای ئەمانە ترس و تۆقان هەبوو. کاتێ تۆ لە خوێندنگا دەرئەکرێیت بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک، شوێنەوارت لەلا جێئەهێڵێ.

رۆن رۆسەنباوم لە کتێبەکەی ساڵی 1998یا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هیتلەر-دا دەڵێ، لە کۆتاییدا هیتلەر خۆیشی قوربانی بوو، چونکە مانایەکی چروپڕ ناتوانرێ لە هۆلۆکۆستا بدۆزرێتەوە. ئایا لەگەڵ ئەم بۆچونەدا یەک ئەگریتەوە؟
لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تۆزێ لەسەرخۆو بەئاگا ئەبم. ئەزانم هەندێ فەیلەسوف هەن وا بیرئەکەنەوە ئەوەی کە بەتەواوی نوێ بوو لە هۆلۆکۆستدا ئەوەبوو کە بونیادێکی قوربانیانەی نەبوو. ساردبوو، ئەقڵانی بوو (راشناڵ)، پیشەسازیانەبوو، وە هیچ مانایەکی قوربانیانەی پێ نەبەخشرابوو. من دڵنیا نیم کە ئەمە راستە. من ئامادە نیم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ.

پێش هەموو شتێ، چۆن ژیان ئەگوزەرێنی بە باشترین شێوە... کە لە هەمانکاتدا پۆلیتیکیشە. هەر ئەمەش بابەتی فەلسەفەی یونانی بوو، هەر لە سەرەتاوە، فەلسەفەو رامیاری بەشێوەکی تۆکمە یەکتر تەواوکەربوون. ئێمە ئەو بوونەوەرەین کە بروامان وایە ئەتوانین ژیان بگۆرین، وە ئێمە خۆمان لە سەرەوەی ئاژەڵ دائەنێین. من رەخنەم هەیە لە کێشەی ئاژەڵ و چۆن مامەڵەی لەگەڵاکراوە لە فەلسەفەدا، بەڵام ئەمە کێشەیەکی ترە. هێشتا ئێمە وا بیرئەکەینەوە کە ئێمە ئاژەڵ نین، وە توانای ئەوەمان هەیە کە ژیانمان رێکبخەین.
فەلسەفە ئەو پرسیارە ئەکات: چی لە سەرمان پێویستە بیکەین بۆ ئەوەی باشترین ژیانمان هەبێ؟ مەخابن، هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی وا بدەینەوە.

جیاوازی چیە لە نێوان مەعریفەو حیکمەتدا؟دوو چەمکی بەیەکەوە نین، رەنگە زۆر بزانیت و هیچ حیکمەتێکت تیا نەبێ. لە نێوان زانیاری و چالاکیا کەلێنێکی گەورە هەیە، بەڵام ئەم کەلێنە نابێ ببێتە رێگر لەبەردەماندا، چونکە پێش هەر چالاکیەک لەسەرمان پێویستە زۆرترین زانیاری کۆکەینەوە. فەلسەفە خۆشەویستیە بۆ حیکمەت. فیلۆ خۆشەویستیە و سۆفیا حیکمەت، بۆیە گرنگ ئەوەیە حەکیم بیت چونکە ئەوەیە ئەرکی فەلسەفە. سەرەرای ئەمە بریاردان بەشێوەیەکی پڕاوپڕ لە سەر مەعریفە ناوەستێ. من هەوڵ ئەدەم زۆرترین بڕ لە مەعریفە کۆکەمەوە پێش بریاردان، بەڵام لەوەش ئاگادارم لە ساتەوەختی بریاردانا من بازێک ئەدەم بەودیو مەعریفەیا.
بۆچی ژنی فەیلەسوف نیە؟
چونکە خیتابی فەلسەفی بەشێوەیەکی وا رێکخراوە کە ژن و مناڵ و ئاژەڵ و کۆیلە، پەراوێزکات، بچەوسێنێتەوە و بێدەنگکات. ئەمەستراکتۆرەکەیە (بونیاد)... گەمژەیەتیە ئەگەر دانی پیانەنێین، لە دەرئەنجامی ئەمەدا رێگەنەدراوە فەیلەسوفێکی گەورەی ئافرەت هەبێ. هەرچەندە ژمارەیەکی باش ژنی بیریار هەیە بەڵام فەلسەفە شێوازێکی تایبەتە لە بیرکردنەوە لە نێو شێوازەکانی تری بیرکردنەوەدا. بەڵام ئێمە لە ساتوەختێکی مێژوویداین کە ئەم بونیادە بەرەو گۆران ئەچێ.

ئایا خۆت بە فیمینیست دائەنێی؟ ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام ئەتوانم بڵێم، بەڵێ. زۆربەی بەرهەمەکانم ئیشکردن بووە لە سەر لێک-هەڵوەشاندنەوەی چوک-چەقێتی (فالۆسێنتیریزم)، وە ئەگەر رێم پێبدەی خۆم ئەمە بڵێم، ئەوا من یەکەم کەس بووم کە ئەم کێشەیەم هێنایە نێو فەلسەفەوە. بە دڵنیاییەوە داکۆکی لەوە ئەکەم کە چەوساندنەوەی ئافرەت کۆتایی پێبێت، بەتایبەتی ئەوەی کە بە ناوی فەلسەفەوە پیادەئەکرێ، لەم روەوە من دۆستی فیمینستم. بەڵام ئەمە وام لێناکات کە بێدەنگ بم بەرامبەر هەندێک لەو بیرورایانەی کە فیمینیزم دەیەوێ پێی هەستێ. بۆ نموونە پێچەوانەکردنەوەی هایراکی دەسەڵات هەڵەیە، (بەو مانایە هەمان دەسەڵات کە پیاو هەیەتی بدرێ بە ژن، لەو کاتەدا شتێک رووینەداوە کە ناوی رزگاربوون بێت بەڵکو تەنها رەگەزی چەوسێنەرەوە گۆراوە- وەرگێر)

ئەو چەمکانە چین کە دەربارەی تۆ ئەوترێت و هەڵەن؟

ئەوەی کە من راراو نیهیلستم وە بروام بە هیچ نیە، وە من کەسێکم کە وا بیرئەکەمەوە کە هیچ مانای نیە، دەق مانای نیە. ئەمە ئەوپەری گەمژەیەتی و هەڵەیە، تەنها ئەو خەڵکانە وا ئەڵێن کە منیان نەخوێندوەتەوە. بە هەڵە خوێندنەوەی کارەکانمە کە 35ساڵ لەمەو پێش دەستی پێکرد وە زۆر گرانە بیگۆرم. من هەرگیز نەم ووتوە هەمووشتێ زمانەوانیە، وە هەموو شتێ لە نێو زماندا گیرماوە. لە راستیا من بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەڵێم، لە راستیا بۆ ئەوە هات کە ئەو بڕوایە(فەلسەفەیە) هەڵوەشێنێتەوە کە هەموو شتێ زمانە. هەرکەسێ بە ئاگاییەوە بەرهەمەکانم بخوێنێتەوە تێئەگا لەوەی کە من سوربووم لەسەر برواو دانپیانان بەراستیا، هەروەها کاتێ دەقێ ئەخوێنمەوە بەوپەری رێزەوە مامەڵەی لەگەڵائەکەم.

به تێگەیشتنێکی چڕوپڕ بۆ ئەویتر ئایا ئەتوانرێ ئارەزوی کوشتن لەناوببرێ؟

ئارەزوی کوشتن هەرگیز بن بڕ ناکرێ، چونکە بەشێکە لەو ئاژەڵەی کە پێی دەڵێن مرۆڤ. ئەم ئاژەڵەی کە پێی دەڵێن مرۆڤ توانای نواندنی توندوتیژی هەیە بەرامبەر بە ئەویتر، لە هەمانکاتدا رەنگە ئازاردانی ئەویتر ببێتە مایەی لەزەت بۆی. ئەمە ناتوانرێ لەناوببرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بکوژین—ئەمە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی فەلسەفەو بیرکردنەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئارەزە لە بن نەهاتوە. توندوتیژی و ئازاردان هەردەم ئامادەن، بەڵام ئەتونرێ بگۆردرێن بۆ ئەو شتانەی کە جوان و بەرێزن. کە ئەنوسم جۆرێک لە توندوتیژی لەو کارەدا هەیە بەڵام من هەوڵ ئەدەم ئەو توندوتیژیە بگۆرم بۆ شتێکی بەسوود. توندوتیژی ئەتونرێ بگۆردرێت بۆ شتێک باشتر لە کوشتن—هەروەها بەدڵنیاییەوە ئەتوانی بکوژی بەبێ ئەوەی بکوژی. من ئەتوانم ئەویتر بکوژم بەبێ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی بێنم، وە لە هەمانکاتدا ئەتوانرێ توندوتیژبێت بەجۆرێک کە نەتوانرێ چاوی لێ بپۆشرێ.

چەمکی شوێن و خاوەنداریێتی لەوەئەچێ رەگی زۆربەی پێکدادانەکانی مرۆڤ بێت بەرامبەر مرۆڤ: ئەم بیرۆکەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە، وە بۆچی تا ئێستا ئێمە پێوە نوساوین؟

بۆ چەندین سەدە، شار چەق و شوێنێکی سەرکی بازرگانی بوو، بەڵام لە گەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا ئەمە گۆڕا، لە گەڵیا رامیاری خاوەنداریێتی شوێن گۆرا. سەرەرای ئەمە شوێن هەر بە گرنگی مایەوە. هاورێیەکم لەم دوایەدا پێی ووتم کە تەنها دووشت هەیە کە ناتوانرێ لە شوێن داببرێ یان بە بەها بکرێ:

ئەوانیش ئورشەلیم و نەوتە، کەس ئورشەلیمە وەک بەهایەک ناوێ هەموو خاکی ئورشەلیمیان ئەوێ، نەوتیش چونکە دەوڵەتە نەتەوەییە کاپیتالستەکان لەسەر نەوت ئەژین، هەرچەندە ئەمە رەنگە بگۆردرێت، کە ئەگەر رووبدات رەنگە ببێتە داروخانی سەرتاپا کۆمەڵگا. بۆیە نەوت مایەی کێشەیە. ئەمە زیاتر کێشەیە لە ئەمریکا بە بەراورد بە ئەوروپا بەڵام ئێمەش بەهەمان شێوە بە تەنگیەوە ئەچین. هەموو شتێ هەردەن زیاترە لە ئەمریکا، بۆ چەند هۆکارێکی ئاشکرا.

ئایا رابووردو زیاتر مایەی لەزەتە یان ئازار بۆ خەڵکی؟ ئەمە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆرێ، بەڵام من خۆشبەختم کە پەیوەندیەکی باشم لەگەڵ رابووردوما هەیە. هەتا یادەوەری خۆشم هەیە دەربارەی ئەو ساتەوەختانەی کە ژیانم لە قەیرانا بوو.

حەزئەکەم ژیانم دووبارەبکەمەوە، وە پێی رازیم ئەگەر هەمووشتێ وەک خۆی دووبارە بێتەوە،پراوپر وەک ئەوەی روویدا. گەرانەوەی هەمیشەیی (بیرۆکەیەکی نیتچەییانەیە—وەرگێر).

ئەمرۆ چی بەلاتەوە گرنگە؟

چۆن بتوانم وەڵامی پرسیارێکی وا بدەمەوە؟ زۆرشتی تایبەتی و گشتی و رامیاری گرنگن بۆم، بەڵام سەربارى ئەمانە هەموو، ئەو ئاگاییەی کە من پیرئەبم بەلامەوە گرنگە، من بەرەو مردن ئەرۆم و ژیان کورتە. من هەردەم بیرلەو ساتە کەمە ئەکەوە کە لە ژیانا ماومە، ئەمە شتێکی نوێ نیە، من هەر لە سەردەمی لاویمەوە وابووم، بەڵام زیاتر جیدی بوو کە تەمەنم گەشتە 72. تا ئێستا لە گەڵ ئەو مەرگە حەتمیەدا ئاشتیم نەکردوە، گومانم هەیە هەرگیز بتوانم. ئەم وە ئاگابونەش لە گەڵ هەموو شتێکایە کە بیری لێئەکەمەوە. دونیا ئەمرۆ لە دۆخێلی گەلەک خراپدایە، من وەئاگام لەوە، ئەم وە ئاگابونە لەگەڵ وەئاگابوون لە مەرگی خۆم پێکەوە لە مێشکمدان. کەی باڵق بووی (بووی بە پیاو)؟

ئەمە پرسیارێکی پر نهێنی و شاراوەیە. من هەردەم بروام وابووە کە هەموو کەسێ زیاد لە ژیانێکی هەیە، من خۆم بۆ خۆم سێ ژیانم هەیە. کە بیست ساڵان بووم هەستم ئەکرد گەورەم و ژیرم بەڵام ئێستا کە تەمەنم 72ساڵە وا هەست ئەکەم منالم. بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەمە مایەی خەمە (میلانکۆلی)، چونکە کە لە دلما هەست ئەکەم لاوم، لە راستیا ئەزانم کە وانیە، من لاو نیم. ژیانی دووەمم ژیانە راستیەکەمە کە 72ساڵە وە هەموو رۆژێ مە بەرامبەر ئەو نیشانانە ئەبمەوە کە وەیادم ئەهێنێتەوە. ژیانی سێیەمم، کە هەستێکە تەنها لە فەرەنسادا هەستی پێئەکەم، ئەویش ئەو تەمەنەیە کە تیایا بەرهەمەکانم بلاوکردەوە، کە لە 35ساڵیەوە دەستپێئەکات. لەوە ئەچێ من لە 35ساڵی بەدواوە ئیتر تەمەنم نەکردبێ. بەدڵنیاییەوە ئەمە راست نیە، چونکە لە زۆرناوەندا من وەک پیرێک تەماشائەکرێم، کە فەیلەسوفێکی ناسراوە و بەرهەمی زۆری بلاوکردوەتەوە. هەرچەندە من وا هەست ئەکەم کە نوسەرێکی لاوم کە تازە دەستم کردوە بەبلاوکردنەوە.